ئارام جەلال

# ڕەنگی هەلوەرینی گەڵا

ناوی کتێب: ڕەنگی هەڵوەرینی گەڵا
بابەت : دەقی ئەدەبی
نووسەر: ئارام جەلال
دیزاینی بەرگ: سەلاّح فەتحوڵا
هەڵەچن: خالید عمر، زانا سامان
چاپ: یەکەم 2012
چاپخانە: چاپخانەی ڕوون
تیراژ: (500) دانە
نرخ: (2000)
ژمارەی سپاردن:(1772)

(ڕەنگی هەڵوەرینی گەڵا) کە تێکستێکی ئەدەبییە، مێژووی نوسینی دەستنووسەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2004) بەڵام هەتا ئەمکاتە ئەو دەستنووسەم پاکنوس نەکردبو و پشتگوێم خستبوو، چونکە لەو سەردەمەدا کە تەمەنێکی کەمم هەبوو دەستم بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشت بۆ چاپکردنی، دواتریش هەر نەمتوانی چاپی بکەم، بەڵام ئێستا بە هاوکاری هاوڕێیەکم توانیمان بۆ دواجار دوای هەشت ساڵ ئەم بەرهەمە بەچاپ بگەیەنین و ئەو دەستنووسە پاکنووس بکرێت و بکرێتە نامیلکەیەک.

پێش ئەوەی هەر کەسێک بیەوێ قسە لەسەر ئەم بەرهەمە بکات وا پێویستە خۆم چەند وتەیەکم هەبێت، ئەم دەقە من نەمتوانی هیچ ناوێکی لێبنێم، ئایا ناوی بنێم پەخشان؟ یاخود دەقی واڵا، یاخود چیرۆکە شیعر؟ یاخود شیعر و پەخشان؟ بەڕاستی ناونانی بۆخۆم کەمێک قورسبوو بۆیە ئەوە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم، خوێنەر دەتوانێت دوای تەواوبونی لە خوێندنەوەی ئەم دەقە، ئەو ناوەی پێی خۆشە لێی بنێت، دەشکرێت هەر ناوی لێنەنێت و بە قسەی هەوانتەی بزانێ.

له ئەدەبی کوردیدا لەم جۆرە نووسینانە زۆر کەمن کە بەم شێوازە نووسرابن بە ئەندازەیەک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەم نووسینە دەگمەنە، لەڕوی ئەو ستایلەی پێی نوسراوە نەوەک لەڕووی ناوەڕۆکیەوە، بۆیە تۆزێ ئەستەمە ناونانی ئەم بەرهەمانە.

گەر سەیرێکی ئەدەبی عەرەبی بکەین ئەم شێوازەی تیادا دەبینرێت، بۆ نموونە لە کتێبەکانی (جاحظ) دا ئەم ستایلە نووسینە زۆر زۆرە، کتێبی (بەیان و تەبین) ی جاحظ هەمان ستایلی نووسینن لە ڕووی شێوە نووسینەوە نەوەک لەڕووی ناوەڕۆکەوە، هەروەها بەیان و تەبین ئەو دەقە شیعریانەی تیایدا هاتوون جارێکی تر لە بەرگی پەخشاندا بەردەوامی پێداون بەڵام دەقە شیعرییەکان شیعری شاعیرانی کۆنن و (جاحظ) تەنیا خاوەنی پەخشانەکانە جیا لەم دەقە کە من خۆم خاوەنی پەخشان و شیعرەکەشم، کتێبەکەی (جاحظ) زیاتر کتێبێکی زانیاری بەخش و بابەتیە وەک لەوەی دەقێکی ئەدەبی زاتیبێت.

بۆیە دەکرێت بڵێم تەنیا لەڕوی شێوازی نوسینەوە هاوشێوەی (بەیان و تەبین)ی (جاحظ) و (کتاب الکامل)ی (مبرد)ە.

گەر توانیبێتم بە شێوازێکی جیا بنووسم لەم دەقەدا کە نووسین بەو جۆرە کەمن، ئەوا خۆشحاڵم بەوەی ئەو کارەم کردووە، گەر کەوتبێتمە هەڵەیەکیشەوە ئەوا دەکرێت خوێنەر تەنیا چێژ لەو وێنەو دەربڕینانە ببینێت کە لەناو دەقەکەداهەیە.


ئارام جەلال

Aram.jalal@hotmail.com


26.08.2012

هێلسینکی – فینلاند

# ڕەنگی هەڵوەرینی گەڵا

دوای ئەوەی کە ئێمە مەحکوم بووین بەوەی کە وەچەی خوێن ڕێژترین بوونەوەر بین، لە داوێنی خەڵەفاوترین ڕۆح لەبەر بێینەخوار، دوای ئەوەی کە بەهۆی کاڵفامیی دایکمانەوە ئێمەیان هەڵدایە ئێرە، بەهۆی کورتبینی باوکمانەوە چارۆکەیەکیان لە کۆڵمان بەست جگە لەژان، هیچ توێشویەکی تریان بۆتێنەکردین، بۆ ئەم سەفەرە بەدەمان، ئیدی وردە وردە دەستمان بەهەڵوەرین کرد، هەرهەموومان پارچە پارچە و هەمیشە خەریکی هەڵوەرینین، ئێمە لێرەدا هەڵدەوەرین بەچەندەها جۆر خۆمان هەڵدەوەرێنین، بەویستی خۆمان هەرخۆمان لەحەژمەتا دەکەوینە خوار، بەچەندەها جۆر هەڵدەوەرێن، باوکم جارێک لە ئامێزم دەگرێ و ئاگای لێم نییە هەڵدەوەرم.... هەر باوکم لێم توڕە دەبێت و بە دەستە ئەستوورەکانی ڕامدەوەشێنێت و هەر بەئەنقەست هەڵمدەوەرێنێت. سەیرکە.. ئێمە چۆن هەمیشە هەڵدەوەرێین، دایکم یاریم لەگەڵدا دەکات ڕاوم دەنێت و منیش لە هەڵوەرینی خۆم ناکەوم ....هەر دایکم قینم لێهەڵدەگرێت و ڕاوم دەنێت، خووڕ خووڕ من بەدەم هەڵوەرینەوە دێمەخوارەوە سەیرکە.. سەیرکە، ئێمە چەند دەوڵەمەندین لە ڕێگاکانی هەڵوەریندا، تۆ هەمیشە

بەکاوەخۆ من هەڵدەوەرێنیت.. هەندێک جاریش زۆر بە پەلە، پەلک پەلک، پەل پەلم دەکەیت و دەمپروێنیتە ناو خۆڵەکانی ژێرپێتەوە، ئێمە هەمیشە لە چوارگۆشەی هەڵوەراندنداین هەمیشە لەناو گۆشەیەکیداین و بەدەستی یەکێکیانەوە پەرتەوازە دەبین.

چەندەها جار دەگەڕێیتەوە بۆ ناو ئامێزیی ئەو هەڵوەراندنە بەسۆزەی کە تۆ خۆت، خۆت لەبەریەک هەڵدەوەشێنیت، گەلێک جار لەدەستی خۆت هەڵدێیت بۆلای ئەو، لەدەستی ئەو هەڵدێیت بۆلای خۆت، هەمیشە لە نێوەندیی ئەم هەڵوەرین و هەڵهاتنەدا تۆ بەردەوامیت لە جوانترین دیارییەک کە لە دوای وەدەرنان لە ناو شووشەیەکی خاکیدا داویانەتە دەستت.

ئێمە هەمیشە ئولفەتمان بەهەڵوەرینەوە گرتووە ئێمە بەو پرواندنە دەژین، لەگەڵ یەکەمین گریانماندا لەگەڵ یەکەمین چاوهەڵهێنانماندا ئێمە هەڵدەوەرێین، دەبینین کە لە دایک دەبین، ئێمە لە دایکمانەوە هەڵدەوەرێین، زەمەن ئێمە دەخوا.. زەمەن

ڕەشمان دەکاتەوە، هەر زەمەن لەژێر بارانێکی بەخوڕدا ئێمە دەکاتە مەلێکی پەڕوباڵ هەڵوەریو، ئێمە دەکاتە چۆلەکەیەکی لەرزیو.. قەتێیەکی ڕەقهەڵاتوو.. لە ڕێگەیەکەوە دەڕۆین کەهەر هەمووی ئەو درەختانەیە گەڵا لە دوای گەڵاکانیان بەردەبنەوە، بەڕێگایەکدا دەڕۆین کە خۆڵەکانی هەمووی لەئاسمانەوە هەڵوەریون، ئەمانەوێت بچین بۆ شوێنێک کە هەرپارچەی لە لایەکەو ڕەنگە بەگەیشتنی ئێمە ئەوەندەی تر هەڵبوەرێت، ئای.. ئێمە چەند پەشیمانین لەم سەفەرەمان چەند هەنگاوەکانمان ساردن، لەم ڕێگەیەدا چەند ڕقمان لە دایکمانە، چەند بەقینین لە باوکمان، چەند پەستین لە بێئاگایی ئەوان.. لە نەفامی ئەوان.. ئەو نەفامییەی مووسیبەت بوو بۆ ئێمە.. ئەو بێئاگاییەی نەگبەتییەکەو قەت قەت لە یەخەی ئێمە نابێتەوە.......... سەیرکە ئێمە کە خۆمان دائەڕنینە خوارەوە.. کە تۆ من دائەڕنیتە خوارەوە.. باوکم هەناسەم لەبەر ئەبڕێت.. دایکم دامئەماڵێت، سەیرکە... ئێمە دوای هەڵوەرین چەند غەمگینترین.. دوای پرواندنەکان چەند بێزارترین.. چەند وەڕسترین، لەدوای ئەوەی کە ئێمە یەک پارچەمان پێوە نەماوە، دەزانین کە چرکەیەک نییە ئێمە تێیدا ئارامبین، پێگەیەک نەماوە

بۆ ئەوەی ئێمە بیکەینە نیشتمانی خۆمان، مشتێک هەناسە نەماوە ئێمە پڕ بەسینەی خۆمان هەڵیمژین.. سەیرکە.......

دەستم تا مەچەکم سوورە لە خوێنی خۆمدا
دەستم پێهەڵگرە لەم کوشتنەی خۆم
با بە خەنجەرەکانی تۆ بمرم..!!

ئەو لەحزەیەی کە خۆت لەتاو مووسیبەتە هەمیشەییەکانی بوونت لەتاو ئەو ژانەی کە بۆ ساتێکیش نایەوێت دەستبەردارت بێت، لەو کاتەدا وەک پیشەی هەمیشەییمان هانا دەبەین بۆ هەڵوەراندنی خۆمان، لەتاو حەسرەتەکانی بوونمان پارچە پارچە بوونی خۆمان دەهاڕین بەمل یەکا، لەو چرکانەدا ئەوەندە خەریکی هەڵوەراندی خۆت دەبیت، تا ئەو رادەیەی تەمەنناى ئەوە دەکەیت کە کۆتایی بە هەڵوەرینت بێت، ئەو کاتانە ئاواتەخوازیت بەوەی چرکەیەک زووتر تەواو.. تەواو بێیتە خوارەوە، بەڵێ... کە وەڕس ئەبیت لەو هەموو هەڵوەرینە هانا دەبەیتە بەر یەکێکی تر، من هانا دەهێنم بۆ تۆ.. تۆ هانا دەبەیت بۆ یەکێکی تر و هاواردەکەین، ئیدیی بەسە بەس، ئێمە توانامان نەماوە،

ئەوەندە خۆمان هەڵوەرێنین، پێیان دەڵێین هانامان بۆ ئێوە هێناوە تا دەستمان بگرن، ئیدیی دەمانەوێت چاومان لە پەنجەکانی ئێوە بێت، دەمانەوێت بزانین ئێوە چەند بەسەرشێتانە لەبەریەکمان هەڵدەوەشێنن، ئێمە پێویستمان بە ئێوە هەیە، من پێویستم بە تۆ هەیە.. هەرچەندە تۆ پێویستت بە یەکێکی تر هەیە، پێویستمان پێتانە ئەگەر بۆ هەڵوەراندنیشمان بێت دەمانەوێت لەگەڵ دەستی ئێوەدا بژین، من دڵنیام.. تۆ دڵنیایت، کە ئەو دەستانە ویستیی دروستکردنەوەی ئێمەیان نییە، بەڵام ئێمە مووحتاجین بە هەڵوەراندنەکانیشتان، ئێمە چاوەڕێی ئێوەین.. سەیرکە ئێمە چۆن هەڵدەوەرێین ..سەیرکە.....

ڕەنگی حاجیلە ترساوەکانم لێنیشتووە
لە سوورایی چاوی هەڵاڵەدا
وانەکانی بەرەو مردن دەڵێمەوە
لەناو قژی دارستانە هەڵکڕوزاوەکانەوە
سەداکانی مەینەتیی دەنگی دێت..!!

بەدەم ئەم هەموو هەڵوەرینەوە، لەناو ئەم هەموو مردنە پڕئاگاییەوە.. ئەم مردنەی کەتا ئەبەد نامرین.. ئەم مردنەی کەهەمیشە لەگەڵماندایە، ڕەنگێک دەپەڕێتە ڕووخسارمان کە تەنها لە ڕەنگی حاجیلەیەک دەچێت، کە ڕەنگی هێندە زەردە دەڵێی لە ترسی مردن و جێهێشتنی خۆشترین ژیانێک زەرد هەڵگەڕابێت.. ئەو حاجیلەیەی گۆنای

زەرد زەرد، کە لە ترۆپکی مردنەوە ئەم ڕەنگەی بۆ هاتووە و گەڵاکانی دەوریشی، سپیی سپیی، کە دەڵێی ترسێک لە دڵیدایە و توانای درکاندنی ئەو ترسەشی نییە، سەیرکە... لەناو ئەم هەڵوەرینانەدا ئێمە چۆن لەو حاجیلانە دەچین، ئێمە لە زەمەنێکدا سروودێک دەڵێین کە بۆنی مردنی لێدێت.. کە زەمەنی سوورترین هەڵاڵەیە.. ئێمە بەم سووریەوە هەڵدەوەرێین، دەزانین ئەم هەموو ڕەنگە، ڕەنگی خۆکوشتنەکانمانە لەڕوومان هەڵنیشتووە، سەیرکە.. لەناو چاوی ئەم هەڵاڵانەدا چۆن هەڵوەرینەکان دەبینینەوە، کاتێک دارستانێک هەڵدەکڕوزێت لەناو ئەو هەموو گەرمای خۆرەدا، زریکەی ئەودارستانە .. زریکەی ئەو هەموو گەڵا سەوزە، سەدایەک دەبیستیت کە هەمووی نۆتەی مەینەتیی و ئاوازیی میحنەتە.. سەیرکە... ئێمە چەند بەژانەوە دەژین چەند بەئازارەوە هەڵدەوەرین.

لەودیوی چاوی ئەم قوومریانەدا
کێویک لە گومان
دەریایەک لە بێباوەڕی
بەقەدەر هەناسەیەکی من لە حەژمەت
لەودیوی چاوی ئەم قومریانەدا دیارە..!!

ئێمە هەمووومان لەناو دەریایەک لە گوماندا دەژین، گومان بۆتە ئەو سروودەی لەگەڵ یەکەم وشەی زمان گرتنماندا فێری دەبین، هەر ئەو گومانەشە هەڵماندەوەڕێنێت، ئێمە کە هەڵدەوەرین گومانمان هەیە لە هەڵوەرینەکانمان، ڕەشەبایەکی پڕ لە گومان هەڵماندەوەڕێنێت، گومان لە هەمووشتێک دەکەین، گومانمان هەیە لەوانەی کە

هەموو ساتەکانی تەمەنمان خەیاڵمان لای ئەوانە.. ئەوانەی کە لە پێش خەوتندا نزادەکەین، ئەوشەوە خەون بەوانەوە ببینین گومانمان لێیان هەیە.. گومانمان لە قسەکانیانە .. لە نیگاکانیان.. گومانمان لە دەستە ناسکەکانیانە، چونکە هەرناسکییەکانی ئەوانە ئێمە دەکوژن، لە ژێر هەموو ناسکییەکدا، چەپەڵترین دڕندەیی حەشاردراوە، هەمیشە ناسکەکان خیانەت لەوانی دیی دەکەن، زۆر جار وامانلێدێت، دەمانەوێت یەقین بۆخۆمان دروستبکەین.. و بڵێین دەستێکی ناسک هەموو دنیا دەهێنێت.. چەند یەقینێکی شێتانەیە هەرزوو بۆت ئاشکرا دەبێت کە دەستێکی ناسک بەسە بۆ تێکدانی هەموو دنیا، سەیرکە... ئێمە چەند هێمن لەناو گوماندا دەژاکێین، چەند بەگومانەوە هەڵدەوەرێین.. گومانەکانی ئێمە ئەوەندە سەختە تەنانەت.. دەوروبەرمان.. هەموو شتەکان گومان لە ئێمە دەکەن.. گومان لەخۆیان دەکەن.. گومان لە خۆر.. لە ڕۆژ.. لە شەو.. لە تاریکیی.. لە ڕووناکیی.. ئەوەی بیریی لێبکرێتەوە.. ئەوەی هەستپێبکرێت.. ئەوان گومانی لێدەکەن، ئەو قومرییەی بەرامبەر کوکوختییەک، بەرامبەر قومرییەکی تر دەخوێنێت، هەموو دەمکردنەوەیەکی پڕ پڕە لە گومان.. لێوانلێوە لە هەڵوەرین..

لێشاوێک نەفرەتیی پێوەیە بۆ خۆی.. بۆ هێلانەکەی.. بۆ ئەو ڕۆژەی سەری لە هێلکە دەرهێنا.. سەیرکە.. ئێمە تەنانەت بێبڕوایی لەناو هەناسەکانیشماندا هەیە، کافرین بە هەموو شتێک.. کافرین بەفرمێسکەکانی خۆشمان.. ئەو فرمێسکانەی بۆ کەسانێک دەیانرێژین کە ئەوان ئێمەیان ناوێت.. ئەو کەسانەی لە لەحزەیەکدا ئێمە بەجێدێڵن.. ئەو ڕۆژانەی بڕیاری جێهێشتنی ئێمە دەدەن.. ئێمە ئەو رۆژانە لاوازترین کەسین.. کەسیفیی سەر جێگاکانین.. نەخۆشیی بەردەم بیمارستانەکانین.. ئەوان بەو هەموو نەخۆشییەوە بەجێماندێڵن.. ئەوان.. ئای ئێمە چەند کافرین بەوان.. چەند لە گومڕاییدا ژیاین.. چەند کەسانێکی ڕێگە ونکردوبووین، ئێمە کوفرەکەمان ئەوەندە گەورەبوو ..گومڕاییەکەمان ئەوەندە تاغیی بوو، بستێکی تەنیشتی خۆشمان نەدەناسیی.. سەیرکە.. ئێمە چۆن لە کوفرا هەڵدەوەرین، چەند بێباوەڕین بە هەڵوەرینەکانی خۆمان، سەیری ناوهەناسەکانمان بکەن کە پڕە لە گومان.. پڕە لە کوفر.. پڕە لە نەفامێتیی هەڵوەریو، کە هەمووی رژاونەتە ناو حەشمەتیی هەناسە بەدەکانی ئێمەوە.. ئەو هەناسانەی کە

شەوان لە تاو سیخەو دەنگی ئەوان خەو ناچێتە چاومان، سەیری ئەم هەڵوەرینە بکە، تەنانەت گەیشتۆتە ملیی هەناسەکانیشمان، سەیرکە...

چ بێباوەڕییەکە ... چ بێباوەڕییەک
لەم دەرگایانە دەدەین و
هەمیشە داخراون
دەمانەوێت ئەم دەرگایانە بشکێنین و
هەمیشە قایمترن

کە دەچینە بەردەم  دەرگایەک کە داخراوترین دەرگایە، ئێمە لەو کاتانەدا چەند نەفامین، گەمژەیەتی ئێمە لەو ساتانەدا بە جوانترین شێوە خۆی دەنوێنێت، کە باوەڕمان بە کردنەوەی ئەو دەرگایانە هەیە.. ئەو دەرگایانەی کە لەسەر ئێمە داخرا، ئیدیی هیچ جادووگەرێکیش زاتینەکرد بیر لە جادوویەک بکاتەوە بۆ کردنەوەی ئەو

دەرگایانەی کە زۆر لە مێژە ژەنگی هەڵهێناوە، سەیرکە.. ئێمە چەند سەر لێشێواوین، ئێمە لەم دەرگایانە دەدەین کە ئەوانەی لەودیویی دەرگاکەوەن، تاقەتیان نەماوە لێدانەکانی ئێمە ببیستن.. ئەوانەی لەودیوەوەن گوێیان لە زایەڵەکانی ئێمە نییە، بەدەم هەنسکەکانی ئێمەوە نایەن، سەیرکە.. ئێمە چەند گەمژەین، دەمانەوێت دەرگایەک بشکێنین کە لە پۆڵا قایمترە لە رووی ئێمەدا، پەنجە لەرزۆکەکانی خۆمان لە دامێنیی ئەو دەرگا داخراوانە گیر دەکەین و بە هیوای ئەوەین بیکەینەوە، بەڵێ.. ئێمە هەر بە هیواین.. نەفامترین کەسمان ئەوانەیە کە زۆرتر لەوانی تر هیوایان هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت ئەو دەرگایانە بشکێنین، دەرگاکان لە پێشوتر قایمترن و دەستەکانی ئێمەش لە دووایی بێهێزترن، سەیرکە.. ئێمە چەند لە گەمژەکان دەچین، کاتێک لەم دەرگایانە ئەدەین سەیرکە.. ئێمە چەند لە نەفامەکان دەچین کاتێک دەمانەوێت بە پەنجەیەکی قرتاوەوە ئەم دەرگایانە بشکێنین سەیرکە...

لەبەر دەرگای کوفرا دەمرین و
دەرگاکانمان لێناکەنەوە
لەبەر دەرگا داخراوەکانا دەمرین و
دەڵێین شەکاوەبێت
ئاڵای ئیمان

ئێمە چەند بێباوەڕین بەودیویی دەرگاکان، ئێمە چەند خۆمان فریو دەدەین بەهیوای کردنەوەی دەرگاکان، ئێمە چەند بە هەناسە ساردیی بیر لە ئێوارەیەکی خەیاڵیی دەکەینەوە کە ئێمە دەرگاکانمان کردۆتەوە، سەیرکە.. ئێمە کاتێک لەبەر ئەو دەرگایانەداین نغرۆ دەبین لە بێباوەڕیی .. تا بینە قاقامان پڕبووە لە کوفری سپیی،

دەستمان خەڵتانی کوفرە، ئێمە کافرین بە هەموو شتێک، من کافرم بە تۆ.. کافرم بە وجوود.. کافرم بەو ڕۆژەی کە تیایدا هاتمە دنیاوە.. تەنانەت ئێمە متمانەمان بەو جێگایانەش نییە کە لەسەری دەخەوین، ئێمە لەناو ئەم هەموو کوفرەدا دەژین، کوفر شەپۆلمان پێدەدات، کەچیی کوفر تر لە هەموو کوفرەکانمان ئەوەیە، کاتێک لەبەردەم ئەم دەرگا داخراوانەدا بە کۆمەڵێک مەینەتیی و دنیایەک لە کوفرەوە دەمرین.. کوفرتر لە هەموو کوفرەکانمان ئەوەیە کە هاوار دەکەین و دەڵێین شەکاوە بێت ئاڵای ئیمان، شەکاوە بێت ئاڵای ئیمان بوون بە کردنەوەی دەرگاکان.. ئاڵای ئیمان بوون بە هیوا تەزیوەکان، سەیرکە.. چەند ئەم ئیمانە.. ئەم هیوایە.. لە کوفرەکانمان گەورەترە.. لە کوفرەکانمان کوفرترە.. سەیرکە.. ئێمە چۆن لە نێوان کوفرو ئیماندا هەڵدەوەرێین.

بۆ پێشەوە
بەرەو ئاوازەکانی
ئەودیوی ناخی من
بۆ پێشەوە
بەرەو ئاوازەکانیی ئەوسەریی
ناخی ئەهریمەن

لە دوای شەکەتبوونی ئێمە، لەنێوان ئەم وەهمی کوفرو ئیمانەدا، من هاوار دەکەم و بەخۆم دەڵێم.. وەرە لەگەڵما بابچینەوە بۆ ئەودیویی ناخی خۆم، بۆ ئەو سووچانەی کە شەوانە ڕۆحم تیایدا ئێشکدەگرێت کە شەوانە ئاوازێکی تیادا دەچرێت کە هەمووی پڕ پڕە لە خۆکوشتن، بۆنی ئەودیویی ئەم دنیا فانییەی لێدێت، دەڵێم بۆ پێشەوە بەرەو

ئەو ئاوازانەی کە لەودیویی ناخی مندایە، مەگەر هەر خۆم بزانم ئەو ئاوازانە چەندە پڕن لە ئیمان بوون بە کوفر.. چەندە لێوان لێون لەو گۆرانییە مەلعونانەی کە بۆ ئیمان دەوترێت، هەرمن دەڵێم بۆ پێشەوە بەرەو ئەو هەناسانەی کە لەوسەری حەسرەتەکانی ئەهریمەنەوە دێت، ئەو ئاوازانەی کە ئەهریمەنەکان دوای هەزارەها شەونخوونی ئەو ئاوازانە لەوسەری سینەیانەوە درووستدەبێت.. ئەو ئاوازانەی پڕن لەیەقینبردن بە گومان، چەند موتڵەقییەتی گومان لە تۆوەکانیاندا بەئاشکرا هاوار دەکات .. ئەو ئاوازانەی لەشەوانێکی تاریکدا لەبەر تیشکیی سوتانی حەقیقەتێکدا تەماشایان بکەیت، تەواو لەو ئاوازانە دەچێت کە لەودیویی ناخمدایە و دەمەوێت خۆم بچمەوە بۆ ئەوێ...

بەسەر ئەم شەقامە خوێناویانەدا ڕادەبوورین
بەدەم ئایاتەکانی تەکویرەوە
دەست نوێژ بەم جۆگەلە خوێنانە دەگرین
بەدەم خوێندنی سوورەتی تەوبەوە
ئەم چەقۆیانە لە ملی خۆم
هەڵدەسووم
چ زیادەیەکە سەری ئێمە

سەیرکە.. چۆن دەستەکانمان سوور سوور بووە بە خوێنی یەکتریی، تا وایلێهاتووە شەقامێک نادۆزینەوە پیاسەیەکی تیا بکەین و هەتا سەر ئەژنۆمان خوێن داینەپۆشێت، سەیرکە.. لەدوای کوشتنی یەکتریی چەند لە پێشتر بەرقترین، ڕقمان لە ڕابردوومانە

ئەگەر دڵۆپە خوێنێکمان لەلاشەی یەکتریدا بەجێهێشتبێت، کاتێک خەریکە غەرقی ناو خوێنەکان دەبین ئێمە دەمانەوێت لەسەر ئەو شەقامانە نوێژێک دابەستین کە پڕبێت لە کوشتن.. نییەتی ئەو نوێژەی لێدەهێنین کە دەوڵەمەندترین نوێژبێت لە کوشتندا، هەر لەسەر ئەو شەقامانە بە نییەتی دەستنوێژەوە خۆمان لەو خوێنانە هەڵدەکێشین، بەدەم ڕێگاوە هەمیشە ئەو ئایەتانە دەخوێنین کە لێشاوێک کوژانەوەیان تیایە، پڕن لە نووری هەڵکوڕوزان.. پڕن لە زریکەی زیندە بەچاڵکردن، کە لەناو ئەو خوێنانەدا سەریی خۆمان وەک شەمامەیەک دێتە بەرچاو، سەیرکە.. چەند بیر لەوە دەکەینەوە کەئەم شەمامانە هێشتا وەرزیان نەهاتووە و زیادەن، لەم ملە زیادانەی خۆمان هەڵدەسوون، حەز دەکەین سورەتێک بچڕین لەو کاتەدا کە نەهێڵێت پەشیمان بینەوە، کە پێمانبڵێت ئەم شەمامانە بەس بۆ یارییکردن باشن.

گۆنای ئەم دەفانە درا
کەچی دەروێشەکان حاڵیان لێنەهات
چ بەستەڵۆکێکە ناخی ئەم دەفژەنە
چ بێئاگاییەکە تەهلیلەی ئەم مووریدانە

ئەو دەمانەی حەسرەت دامانده‌گرێت، بەدەم حەسرەتەوە هەڵدەوەرێین، ئەو کاتانەی دەمانەوێت شتێک دڵمان خۆشبکات و دووربکەوینەوە لەم خەیاڵە خوێناوییە، دەستمان لەناو بیرە پڕ لە مەرگەکاندا دەربهێنین، ئێمە دەف دەژەنین.. دەف بەدڵمان دەژەنین ..(دووم و تەک)ەکان هەر لەناو دڵمانەوە دەردەچن کەچی بەو هەموو نۆتە پڕ لە حووزنەوە تەنها ناخی خۆمان دەیبستێت، ئێمە دەبینە سەهۆڵبەندانێک لە هیوا.. سەرسەڕێک لە بێهاودەمیی.. تاکە دەروێشێکیش نابینین بەدەم ئەم هەموو ژانەی

ئێمەوە بۆ چرکەیەکیش بێت حاڵبیگرێت، سەیرکە.. لەو کاتانەدا ناخی ئێمە چ زەمهەریرێکە، چەند پڕە لە بێبڕوایی بە گەرمبوونەوە، بەو هەموو ساردییەوە.. بەو هەموو شەختەی هیوایەوە، لەگەڵ ژەنینیی دەفی دڵماندا کە وەختە پارچە پارچە ببێت، ئێمە تەهلیلەو وێردێک دەکەین ئەو ووشانەی لە دەممانەوە دێتە دەر، بەس تەنها لەناو ناخیی خۆماندا وجوودیان ماوە، ئەگینا ئەو ووشانەی ئێمە بەدەم تەهلیلەوە دەیانڵێینەوە کەس نازانێت ئەمانە لەکوێوە هاتوون، سەیرکە.. ئێمە بەدەم ئەم وێردانەوە چۆن بووینەتە گاڵتەجاڕیی ئەو خەڵکە.. ئێمە چەند بێئاگاین بەم بوونەمان.. چەند نەفامین بەم تەهلیلانە، سەیرکە.. ئێمە چ مووریدێکیی خەڵەفاوین.

دوای کوشتنی خۆم
بە بەهەشتدا تێدەپەڕم و دەڵێم..
"چ چۆڵەوانییەکە ئەم باغاتانە"
بە فیردەوسدا تێدەپەڕم و دەڵێم..
" ئەم هەموو بەهەشتییە کوژراوانە چییە لێرەدا کەوتوون"

من هەمیشە لە خۆکوشتندام، هەموو جارێکیش کە خۆم دەکوژم بەهیوای بەهەشت ئەم هەوڵانە ئەدەم.. بەهیوای ئەوەی لە جەهەنەم ڕزگارم بێت.. بەهیوای ئەوەی جارێکی دیی مردن نەبینمەوە، کەچیی کە خۆمان دەکوژین.. ناخی خۆمان.. دڵمان پارچە پارچە دەکەین، چاومان دەنوقێنین و سەیر دەکەین ئێمە لەناو چ بەهەشتێکدا پیاسە دەکەین کە دەبینیت ئەو بەهەشتەی تۆ دەتەوێت خاڵییە لە هاودەمەکانت.. خاڵییە

لەوانەی کە تۆ خۆتی بۆ دەکوژیت، سەرت دەسووڕدەمێنێت لەو چۆڵەوانییەی دەیبینیت، چونکە ئەوان خۆیان بۆ کەس ناکوژن کاتێک بەناو ئەو فیردەوسانەدا دەڕۆیت کە لەدوای پارچە پارچەکردنی دڵت لەناو تاریکایی چاوەکانت دا نغرۆبووە، سەیر دەکەیت لە سووچێکی ئەو بەهەشتەدا لە بەشێکی ناو فیردەوسدا پڕ پڕە لە بەهەشتی کوژراو، ئەوانەی کە تۆ ئەتەوێت ئەوان هەموویان لەوێ مردوون، چونکە ئەوان لێرە خۆیان نەکوشتووە.. ژیانەکەی خۆیان تەواو کرد، سەیرکە.. چەند بەتەنیایت لەو بەهەشتەدا، هەروەک چۆن لە خۆکوشتنەکانیشدا هەر بەتەنیایت، ئەو هەموو کەلاکە لەوێدا کەوتوون لەناو ئەو بەهەشتەی تەنها بە چاوکردنەوەیەک هەرهەمووی دەبێت بە سەراب.

بەناو باغاتەکانی جەننەت دا دەگەڕێم و هێشتا دەستم سوورە
خوێن لە جەستەم دەتکێت
چ خوێنێک کە هەمووی بۆنی میسکی ئەوێیە
فریشتەیەک دێت و دەڵێت..
"کێ ڕێگەی دایت بەم هەموو خوێنە ڕیسواییەوە
بێیتە ژوورەوە"

کاتێک تەنیا تەنیا لەناو ئەو باخاتانەدا دەگەڕێین، پڕن لە درەختی تەنیا.. لە ڕووباری تەنیا، لەناو ئەو باخاتانەدا دەگەڕێین و دەستمان سوور سوورە بە خوێنی خۆمان.. ئەو خوێنەی کە زیادەبوو لە لەشیی ئێمە داو هەردەبوایە بڕژایە، دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە

جێبرینیی خۆکوشتنەکەمانەوە دێتە دەر هەر قەترەیەکی پڕ پڕە لە بێزاریی.. لێوانلێوە لە بێهیوایی، ئەو خوێنەی کە لای خۆمان بۆنی میسکی لێدێت، چونکە بەدەستی خۆمان هاتەخوارو هەر ئەو خوێنەش جیایکردینەوە لە هەموو مەخلووقەکانی تر، هەر ئەو خوێنەش مردنەکەمانی جیاکردەوە لە هەموو مردنێکی تر، لەو کاتەدا کە ئێمە سەرمەستیی بۆنی ئەو خوێنەی خۆمانین.. ئەو خوێنەی بەس بە تەنها خۆمان پێیڕازین، فریشتەکانی بەهەشت ئەو فریشتانەی بەقینن لە ئێمە.. چونکە ئێمە خۆمان لە هەموو بوونەوەرەکانی تر جیاکردەوە، ئەوان چەند تووڕەن لەم جیابوونەوەیەی ئێمە.. چەند حەسوودیی بەم تەنیاییەمان دەبەن، هەر ئەو فریشتانە لەوێ پێماندەڵێن.. کێ ڕێگەی دا بە ئێوە بێنە ناو ئەم باخاتانەوە کێ ڕێگەی دان بێنە ژوورەوە لەکاتێکدا جەستەتان شەڵاڵی خوێنی ریسواییە.. شەڵاڵی خوێنێکە شەرمەزارییە بۆ ئێوە، ئەوانیش ناڕازین بە چوونە بەهەشت تەنانەت لەناو خەیاڵەکانیشماندا هەروەک چۆن پێش خۆکوشتن ئەو ناڕازیبوو بە چوونە بەهەشت گەر بەخەیاڵیش بێت، سەیرکە...

مەنجەنیقە شکاوەکانی شکستەکانمان
لە خەزنەکانی شەرەفدا هەڵدەگرین و
لەژێر سێبەریی ئەم دارزەقومە دا
هەمیشە خەون بە سەرکەوتنەوە دەبینین

سەیرکە... ئێمە کاتێک لەناوەڕاستی جەنگەڵەکانەوە دەگەڕێینەوە شەکەت شەکەتین، ئێمە لەجەنگەڵەوە دێینەوە، لەوێ لەناو جەنگەڵەکاندا شکستمان خواردووە، بەماندوویی مەنجەنیقەکانمان بەدوای خۆماندا ڕادەکێشین، دەیانهێنین و دەیانبەینە ناو خەزنەیەکەوە هەڵیدەگرین، ئێمە حوورمەتەکانی خۆمان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان لەوێدا هەڵدەگرین، ئێمە چەند چاوقایمین کەسمان هەست بەو شکستە ناکەین، دەبوو ئێمە خۆمان و جەنگەڵەکان و مەنجەنیقەکان و جەنگەکانیشمان نەفرەت باران بکردایە،

کاتێک ئێمە ماندوو ماندووین دەچینە ژێر دارێک پشوو دەدەین کە خۆی بۆخۆی پڕە لە شەرمەزاریی.. پڕە لە شەکەتبوون، ئێمەیەکی کاڵفام.. ئێمەیەک کە لە ڕۆژەکانی بوونماندا تاکە ڕۆژێک نەمانتوانیوە خۆمان بەسەرکەوتویی ببینین لەناو جەنگەڵەکاندا.. کەچیی ئێمە لەدوای ئەو هەموو شکستە.. لەدوای ئەوەی لەژێر بەدترین درەختدا راکشاوین، ئەوەندە کاڵفامین خەون بە سەرکەوتنەوە دەبینین، کە دەبوو ئێمە ئیدیی نەچینەوە  جەنگەڵ و سەرمان بەرەو رووی هیچ جەنگێکیش هەڵنەبڕین، سەیرکە... سەیرکە ئێمە چەند کاڵفامین، سەیرکە... ئازیز سەیرکە...

دوای کوشتنی خۆم
ڕۆحی خۆم ئەدەمە ئەو پەڕەسێلکانەی
بەرگەی یەک ڕووخان دەگرن
ئەو پەڕەسێلکانەی گەر لە ئاسمان کەوتنەخوارەوە
جارێکی دیی سەرناکەونەوە

ئێمە، کاتێک لەناو خەیاڵی مردندایین، دەمانەوێت دوای ئەوەی کە ئەو خوێنە زیادەیەی لەناو دەمارەکانماندایە هەموویمان بەسەر شەقامەکاندا رشت، هەر لە دوای ئەوەوە بیر دەکەینەوە بەشێک لە ڕۆحمان بدەینە کێ بۆ یادگاریی، بیردەکەینەوە کێ هەڵبژێرین رۆحی خۆمانی بکەین بەبەردا.. باشترین باڵندەیەک دەدۆزینەوە.. ئەو

باڵندەیەی ئێمە هەرگیز لە سرووشتی ئەو نەگەیشتین، گەر لە سرووشتی ئەو بگەیشتینایە هەرگیز لەم جەنگەڵەدا بەهیلاک نەدەچووین، نازانم ئێمەیەک چۆن دەتوانین ئەوەندە جارە عاشقبین، لەکاتێکدا یەکجار دەمرین و.. یەکجاریش لەدایکبووین، رۆحمان دەدەینە پەڕەسێلکەیەک کە یەکجار کەوتە خوارەوە ئیدیی ئومێدیی بە فڕین نامێنێتەوە، ئێمەیەک کە قەت لەو پەیامەی ئەو نەگەیشتین و هەزارجار کەوتینە خوارەوەو لە گێلێتیی خۆمان هەستاینەوە، بۆیە لە دوای ئەم خوێنڕژانەوە دەمەوێت ڕۆحی خۆم بدەمە پەڕەسێلکەیەک، وەک نیشانەی پەشیمانیی لە تێنەگەیشتنی پەیامەکەی ئەو.. سەیرکە.. چەندە حیکمەت لەو هەڵنەسانەوەیەدا هەیە، ئەو مردنە چەندە پڕ بەختەوەرییترە وەک لەم ژیانی هەستانەوەی پاش روخانەی ئێمەدا، سەیرکە.. ئێمە چەند نەفامبووین.. ڕۆحی من لەدوای ئەم مردنە بۆ ئەو...

پێش ئەوەی بچمە بەهەشت
خۆم لە دەریا هەڵدەکێشم.. ئاڵترین دەریا
ئەو تەپوتۆزانە لە خۆم دەشۆمەوە
کە لەپێش دروستبوونی جەستەمانەوە
لەسەر ڕۆحی هەمووومان نیشتووە
ئێمە هەمووومان بەو تۆزانەوە دەژین

چەند پێویستمان بەشتێک هەیە پاکمان بکاتەوە، چونکە ئەو بەهەشتیی خەیاڵەی دەمانەوەێت لەدوای خۆکوشتن بۆی بڕۆین، ئێمەی بەم هەموو غووبارەوە ناوێت، ئێمە هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕێین کە ئەو تۆزانەمان لێبکاتەوە.. کە هەر لە

ئەزەلەوە لە ناخماندایە.. ئاخ .. ئێمە چەند گیرۆدەی ئەو پیسییانەین.. چەند گرفتاریی دەستی ئەو هەموو تۆزەین، کە هەموو ناخمانی داپۆشیوە، ئەوەندە غەرقیکردوین، لە تەڵخیدا تەنانەت دەستەکانی خۆشمان بە باشی نابینین، سەیرکە.. ئێمە چۆن هەموو ژییانمان بەڕێکرد بەو تۆزانەوە.. تاکە دەریایەکمان دەستنەکەوت خۆمانی لێهەڵکێشین.. ڕاستتر بڵێین تاکە دەریایەک نەیهێشت یاخوود نەیویست ئەو تۆزانەمان لێبشواتەوە، ئێمە هەر دەبێت ئەو تۆزانە لە خۆمانبکەینەوە، چونکە لەناو بەهەشتی خەیاڵەکاندا ئەوکات بێبەش دەبین لە تەنیاییەکان.. بێبەش دەبین لەو هەموو پیاسەیەی ناو باخاتەکان بە تەنیا، ئێمە نابێت لەودیویی ئێرەش ئەو تۆزانە بمانخنکێنێت، سەیرکە.. لە ژیانماندا ئەم تۆزانە چ مووسیبەتێکن بۆ ئێمە و ئێمە پێیاننازانین، سەیرکە...

لە بەهەشتدا بیر لە وێرانەکانی ئێرە دەکەمەوە
بیر لەم جەنگەڵە دەکەمەوە
کە تۆزەکان لێرەدا مەستییکردوین
چ مەستییەک.. من ئاگام لە تۆ نییە لە مەستییدا
تۆ لەدوای ئەوەی پێکێک تۆز دەخۆیتەوە
بەدەم مەستییەوە بە چەقۆ من هەلا هەلا دەکەیت...

سەیرکە.. کاتێک ئێمە لەناو بەهەشتیی خەیاڵەکانماندا لەدوای رژانی خوێن بیر دەکەینەوە.. بیر لەو هەموو نەهامەتییەی ئێرە دەکەینەوە، بیر لەم خەراباتە دەکەمەوە کە لێرەدا هەمووومان بەدمەستترین مرۆڤین، هەمووومان ئەوەندە حەشیشەی ناو ئەو

تۆزە پڕ لە خەڵتانەمان هەڵمژیوە مەستبووین و وڕێنە بەشتە خراپەکانەوە دەکەین، یەکتریی دەهێنینە خوار.. وەک پەنجەرە دڵی یەکتریی دەشکێنین.. وەک شەرابێکی پێنەگەیشتوو خوێنی یەکتری دەڕێژین، ئێمە ئاگامان لە یەک نییە، هەندێکجار من چەند بێئاگام لە تۆ.. زۆر جاریش تۆ لەغەفڵەتی ئەو هەموو چەقۆیەی مندا بەبێمنەت لەسەر شۆستەی سەرجادەکەمان چاوەڕوانیی ئاوابوونی خۆردەکەیت، سەیرکە.. ئێمە جگە لە تۆزەکانی ناخیی خۆمان.. جگە لەو هەموو خراپییەی لەزیهنماندا رەگی داکوتاوە پێک لە دوای پێک نەهامەتیی هەڵدەدەین، سەیرکە.. چ قیامەتێک دروستدەبێت سەیرکە.. چ حەشرێک یەخەمان پێدەگرێت، بەیانییەک کە من هێشتا چاوم تێر خەو نەبووە چونکە شەوێ ئێشکم بە زیکریی تۆوە گرتبوو دێمە بەردەمی تۆ.. تۆش بە چەقۆکەی دەستت.. بە نینۆکەکانت من ونجڕ ونجڕ دەکەیت، سەیرکە.. چ نەهامەتییەکە ئەم تۆزانە، ئێمە چەند پێویستیمان بەدەریایەکی ئاڵ هەیە، سەیرکە...

لەبەهەشتدا
بیر لە باوکم دەکەمەوە
بیر لەدایکم
بیر لەتۆ...

کاتێک لەناو بەهەشتیی خەیاڵەکانمدام، ئەو مووسیبەتە هەمیشەییەی کە لە یەخەی من نابێتەوە ئەویش کە بیرکردنەوەیە لە شوومیەتییەکان، ئەو مووسیبەتە لە ناو ئەو جەننەتی خۆڵەدا دێت و دەمانخاتە ڕەشهەڵگەڕاوەکانی بەهەشتەوە، کە فریشتەکان لەوێ دروستیانکردووە، من لەوێ لەو خەڵوەتەدا بیردەکەمەوە بیر لە شتەکانی ئێرە دەکەمەوە کە ئاڵۆزترین گرێبوون و پەیمان بە کردنەوەی نە دەبرد، من لەوێ بیر لەدایکم دەکەمەوە.. بیر لە ڕەقی ئەو کە من لەوەوە هاتبوومە دەرەوە،

کەچیی بە بەشێک لە خۆی نەدەزانیم ئەو دایکەی هەتا گەورەشبووم نەمدەزانی سۆز چییە و تاکە ڕۆژێک لە ئامێزینەگرتم و قەتیش لە ئامێزیدا نە هەستم بە گەرمیکردووەو.. نە گوێشم لە ترپەکانی دڵیبووە، سەیری ئەو دایکەکە، بیر لەو هەموو تاوانەی دایکم دەکەمەوە.. بەرامبەر بە من.. ئەوتاوانانەی کە بەرامبەر هەموومان کردویەتی.. سەرەتای تاوانەکانی بە من دەستپێکرد.. لە پێناوی مانەوەی خۆیدا منی کردە قوربانیی.. ئاخ .. دایە.. تۆ چەندە گوناهباریت، چونکە منت پەلکێشکردە ئێرەوە کە من بەم شتانە رازینیم.. من حەزم لەم هاتنە نییە دایە، رەنگە تۆ لە ناو ساردترین جەهەنەمدا بتسوتێنن چونکە تۆ منت هێنایە ساردترین بوونەوە، تۆ ساردترین قسەت لەگەڵدا کردم، بۆیە من تا گەورە نەبووم فێری قسەکردن نەبووم، من لەوێ بیر لە تاوانەکانی دایکم دەکەمەوە، ئاخۆ لە پێش باوکمدا دڵی لەلای چەند کەسی تر بووبێت.. ئاخۆ تا چەند ساڵ دوای ژیان لەگەڵ باوکمدا فێری ژیانی ناچاریی بووبێت.. ئای دایە.. تۆ چەند گوناهباریت بەرامبەر بە باوکم، ئاخۆ تۆ چەندجار هەڵتخەڵەتاندبێت.. من منداڵیم بیرە کە گومانم هەبوو لە هەموو شتەکانی تۆ.. ئای دایە.. تۆ چەند قێزاویت،

دەستەکانی تۆ سوورن بە گوناه.. گوناه لەگەڵ باوکمدا.. لەگەڵ مندا، دایە ئەم خوێنەی کە ئێستا بەلاشەی منەوەیە بەشێکی زۆری تۆ ڕشتووتە، ئای من لەم بەهەشتەدا چەند بە نائارامیی دەژیم، وەک چۆن لە دنیا بە نائارامیی دەمردم، ئاخ.. لەم بەهەشتە، خۆ لێرە هیوای مردنیشمان نەماوە، ئێمە هەر دەبێت ئاوا بین.. چ بێمانابییەکە ئەم بەردەوامییە، لە بەهەشتەدا بیر لە باوکم دەکەمەوە، کە من تائێستا بە تەواویی چاویم نەبینیوە.. وەک چۆن تا ئێستا نازانم دەموچاوی دایکم بە تەواوی چۆنە، بیر لە باوکم دەکەمەوە کە چۆن منی هەڵدەوەراند.. کە چۆن من ئێستا شەتەکی دەستی نەفامییەکانی ئەوم.. مردووی دوای ئارەزووە قێزاوییەکانی ئەوم.. بیر لەو هەموو ڕسواییە دەکەمەوە کە لەژێر قاچی باوکمدا بۆ من بەجێدەما.. ئای باوکە من منداڵیم بیرە.. ئەو هەموو خیانەتەی تۆم لەبەرچاوە بەرامبەر من.. بەرامبەر دایکم.. ئاخ .. باوکە هەموو شتەکانی تۆم لەبەرچاوە.. وای کە تۆ گوناهباریت.. بیرمە بەخوا هەموو شتەکانم لەبیرە، تەنانەت قەیرە کچەکەی هاوسێشمانم بیرە کە بەهۆی تۆوە چەندەهاجار مێووژ و هەنجیری وشکی ئەداپێمان.. ئای لەو مێووژانەی کە هەر دەنکێکی پڕبوون لە

خیانەتەکانی تۆ ئای لەو هەنجیرە وشکانەی کە لێوانلێوبوون لە ریسوایی.. سەیرکە.. ئەم بیرکردنەوانە چەند کوشندەن، ئای باوکە من ئێستا بەشێک لە مردنەکانم هی دەستیی تۆیە.. لە بەهەشتدا لە ناو ئەو خەڵوەتە رەشەدا بیر لەو مێژووە رەشە دەکەمەوە کە لەگەڵ تۆدا هەمبوو..

لەبەهەشتدا بیر لە تۆ دەکەمەوە، بیر کردنەووەکانی تۆ سەختترە لە هی باوکم و دایکم.. ئاخ لە تۆ.. بیر لەو هەموو رۆژە دەکەمەوە کە من ئاواتەخوازبووم ئێوارەیەک بێت و من لەسەر جادەکەی لای ماڵی خۆمان سەیری خۆرئاوابوون بکەم و لەگەڵ ئەو ئاوابوونەدا نەمرم.. مردنێک کە پڕە لە بێهیوایی.. پڕە لە حەسرەت.. پڕن لەو شتانەی کە حەتمیی حەتمییە، من لەوێ بیر لە تۆ دەکەمەوە بیر لەو هەموو سەرشێتییە دەکەمەوە کە بە بینینی تۆ هەزارانیتری دەچووە سەر.. ئاخ من لەوێ لە ناو بیرکردنەوەی تۆدا دەمرم.. بیردەکەمەوە کە من چۆن لێرە دەمویست یەک چرکە لەگەڵ تۆدا ببەمەسەر و تەنیابم لە هەموو شتێک بەس تۆنا، بیر دەکەمەوە کەمن دەمویست لە ئێوارەیەکدا ببینە یەک و بە یەک قاچ هەنگاو بنێین.. بەس تۆنا، نا

نەتدەویست بەو هەنگاوە شکاوانەی من برۆیت.. نەتدەویست ئەو قاچە بێهێزانەی من هی تۆش بێت.. بیر لە تۆ دەکەمەوە کە من دەمویست رۆژێک لە یەک لەحزەدا یەک وشە لە دەمی هەردووکمان بێتە دەر، نا .. نا .. تۆ هیچت نەدەویست .. نا .. نا .. تۆ پێویستیت بەهیچ نەبوو.. من لەوێ بیر لەو هەموو بێمنەتییەی تۆ دەکەمەوە بەرامبەر بە من و.. ئەو هەموو موحتاجییەی من بەرامبەر بە تۆ، سەیرکە.. چ بیرکردنەوەیەکی کوشندەیە، سەیرکە...

ئێوارانێك كە پیاسەی ناو باخاتەكانی عەدەن دەكەم
حۆریەك دەبینم و خەمبارتر دەبم
ڕووبارێكی شیر بە بەردەممدا تێدەپەڕێت و
زیاتر قوڕگم وشكدەبێت
ئەو هەموو لو.لوئە ئەو هەموو غیلمانە
چ گاڵتە جاڕییەكە لەبەر چاوی من

سەیركە ئازیزم.. ئێوارەیەك كە لە بەهەشتا تەنها تەنها بەناو ئەو هەموو باخاتانەدا پیاسەیەك دەكەم كە جممەی دێت لە تەنیایی قوڵپ دەدات لە حووزن، سەیری ئەو مووسیبەتانە بكە كە ئێمە لەگەڵیاندا دەژین.. لەو ئێوارەیەدا حۆرییەك كە شەلاڵیی رووكەشییە بە بەردەممدا تێدەپەڕێت.. رەنگە من لە مەینەتیدا بمرم.. رەنگە هەر لە

دەرکەوتنی ئەودا دڵم بڵێت.. ئیدیی بەسە ئەم هەموو لێدانە بەردەوامە، ئیتر منیش پێویستم بە وەستان هەیە.. ئاە.. ئێمە بە بینینی ئەو حۆرییە بۆماندەردەکەوێت کە چەند بچووکین.. کە ئێمە چەند مەحرووومین.. وای ئازیزم ئێمە هەر بەو دەردیی بچوکییەی خۆمانەوە دەمرین و چاک نابینەوە، لەناو ئەو باخاتانەدا رووبارێکی شیر بە بەردەممدا تێدەپەڕێت و قورگی من شەقار شەقارە بە زووخاوەکان.. ئاە .. کە من ناتوانم یەک قومیشیی لێبخۆمەوە، سەیرکە.. ئێمە چەند تینووترین لە جاران، سەیرکە ئازیزم.. ئەو لوءلوء و غیلمانانە کە لە بەهەشتدا دێن و دەچن بزانە چ گاڵتەجاڕییەکن بۆ ئێمە.. ئێمەیەک کە نازانین یەک رەنگی بەختەوەریی چۆنە.. یەک دەنگیی سروور ناناسینەوە، سەیرکە. چەند بەدبەختیی دەبێت گەر گاڵتەجاڕییمان بەو شتانە نەیەت، سەیرکە گوڵم.. سەیرکە...

دوای کوشتنی خۆم
من لەوێ بەسەر سیراتدا تێناپەڕم
چونکە لێرە هەزاران جار بە خەمی سیراتەکانی تۆوە مردووم
ترسم لە وەیل نەماوە
چونکە من سەقەریی رق گۆشیکردووم

ئێمە خەمی چیمان هەبێت؟ ئێمە لەچیی بترسین لە کاتێکدا خەم نەماوە یەخەی نەگرتبێتین.. لەکاتێکدا ترس نەماوە بە چەندەها ڕۆژ لە ئامێزماندا نەمابێتەوە، من لەوێ بۆ لە سیرات بترسم یاخود بۆ بەسەر سیراتدا تێپەڕم، کە لێرە ڕۆژ نییە هەزاران جار لە سیراتەکانی یەکتریی دا نەکەوینە خوارەوە، ڕۆژ نییە ئێوارە کە چووینەوە ماڵ،

باوەشێک لە جەهەنەم لەگەڵ خۆماندا نەبەینەوە.. ئیدیی من چەندجار بەسەر سیراتدا بڕۆم.. من چەندجار بکەومە خوارەوە.. چەندجار تەمەنناى پەڕینەوە بکەم.. چەند هەزارجار خەڵوەت بمخوات بۆ ئەو ڕۆژەی کە وجوودیی نییە.. ئەو ڕۆژەی کە من دەپەڕمەوە ئیدی بۆ.. بۆ.. بەسەر سیراتدا تێپەڕبم.. بۆ.. من لە کامە جەهەنەم بترسم.. گەرمای کامە وەیل بمسوتێنێت لەکاتێکدا کە من ڕۆژیی هەزارەهاجار لەناو وەیلەکانی تۆدا چارۆکەیەک دەردەهێنم و دەیخەمە دەمی ئاگرەکانەوە.. فڕێیئەدەمە ناو خۆڵەمێشەکانەوە.. ئەو هیوایانەی کە هەر دەبێت ببن بە خۆڵەمێش، من دەزانم گەر لە بەهەشتیشەوە بڕۆم هەر سەر لە جەهەنەمەوە دەردەکەم.. ئیدیی بەس نییە هەڵلەرزین لە ترسی وەیل و سەقەر و زەمهەریر، سەیرکە.. ئێمە چەند چاونەترسترین لە جاران، سەیرکە...

لە بەهەشتدا.. نیوەڕۆیەک کە خۆر دەرنەکەوتووە
دەمەوێت شیعر بۆ ئەو هەموو تەنهاییە بنووسم
شیعر بەسەر تاراوگەی بەهەشت و
دووری لە تفەکانی ئێرە بنووسم

سەیری ئەو ئێوارە لەعنەتییە بکە کە ئێمە لە بەهەشتداین و گەمژەیەتیی داماندەگرێت، دەمانەوێت شیعر بنووسین، ئێمە ئەو ئێوارەیە هەر لە نیوەڕۆوە کە بینیمان وەک ڕۆژەکانی دنیامان خۆر دەرنەکەوتووە وەک ئەو ڕۆژانەی کە لە دنیا بووین و بە ئاواتی هەڵهاتنی خۆرێکەوە بووین و هەر دەرنەکەوت، بۆیە بە ئومێدیی بینینی ڕەنگی خۆرەوە سەرمانناپەوە، ئەو نیوەڕۆیە.. ئەو ئێوارەیە کە حاڵێکی دەروێشانە

دایگرتووم و دەمەوێت شیعرێک.. پەخشانێک.. هەندێک قسەی قۆڕ بنووسم، سەیرکە.. چ نەهامەتییەکە من لەوێ ناتوانم شیعرێک بنووسم باسی چاوی ئەو هەموو حۆرییە بکات کە لە ناو قەسرە شووشەییەکاندان، بەڵێ.. ئازیزم لەوێ شیعرێک دەنووسم تەنها ترە لە خۆم.. تەنها ترە لە ئێوارەکانی دنیام.. تەنها ترە لە رۆژی لە دایکبوونم.. سەیرکە.. چ شیعرێکی تەنها دەنووسم.. شیعرێک دەنووسم بەسەر ئەم مەنفا حەتمییەی بەهەشتدا کە ئەمەل بڕاوبووم لە کۆتایی هاتنی و ئیدیی تەواو نابێت، سەیرکە.. شیعر بەسەر چ نەهامەتییەکدا دەنووسم، زۆرجار دەڵێم.. بریا قەت نەمتوانیایە هیچ بنووسم.. من لە دوای ئەو هەموو تەنهاییەوە شیعر بەسەر ئەو هەموو ریسواییەی دنیا دەنووسم.. شیعر بەسەر ئەو هەموو تفەدا دەنووسم کە لە دنیا دادەبارین بەسەرماندا، تفەکانی باوکم کە بۆنی دوکەڵی جگەرەی لێدەهات.. تفەکانی مامۆستا کە بۆنی بێزاریی لێدەهات.. تفەکانی تۆ کە بۆنی نائومێدیی لێدێت، سەیرکە...

من لەوێ کە غەمبار دەبم
نینۆکی پەنجەکانم دەکرۆژم
وەک چۆن لێرە تاڵەکانی قژم هەڵدەکەنم
من دەزانم نینۆک بە پەنجەی غیلمان و حۆرییەکانیشەوە ناهێڵم

سەیرکە.. ئێمە کە دەگەینە ئەوساتانەی کە دەتوانین ناوی بنێین ساتەکانی خەڵوەت.. خەڵوەت بۆ وەڕستبوون.. خەڵوەت بۆ بێزاربوون لە وجوود، سەیرکە.. لەو کاتانەدا ئێمە چەند بێدەسەڵاتین.. دەسەڵاتی هیچمان نییە، لە هاوڕێکانمان رانابینین ساتێک لە خەڵوەتدا لەگەڵماندا بمێننەوە، لە پارچەکەی تری خۆمان رانابینین بە ماچێک ئەو هەموو پەلە پەلەی دڵمان هێواشبکاتەوە، سەیرکە.. ئەوکاتانە کە بێهیوایین لە هەموو

شتێک.. کە بێهیواین لەوەی کە کەسێک بتوانێت لە ناو ئەم خەڵوەتەی تۆدا خەندەیەکت بۆ بکات، تەنها و تەنها تاڵەکانی قژمان دەردەهێنین، خۆمان بەوانەوە خەریکدەکەین بەڵکو بۆ چەند ساتێک خۆمان بیربچێتەوە، وای ئێمە چەند خەریکی خۆفریودانین، ئێمە ئەم خەڵوەتەمان بەردەوامە.. من دەزانم لەوێ.. لە بەهەشت کاتێک دەمەوێت لەو خەڵوەتانەدا تف لە بوون بکەم.. تف لە هەموو شتێک، لەو کاتەدا نینۆکەکانم دەکرۆژم چونکە دڵنیام تا دەگەمە ئەوێ یەک تاڵ قژ بەسەرمەوە نامێنێت ، وای لەو مەینەتییەی کە رۆژێک دەبێت ئێمە موحتاجی غیلمان و حۆرییەکان بین تا نینۆکێکیانمان بدەنێ بیکرۆژین چونکە ئەو پەنجە کەمانەی ئێمە بەشی ئەو رۆژگارە بێکۆتایی و خەمە درێژانەی بەهەشت ناکات، سەیرکە.. ئێمە چۆن لە هەموو شوێنێک هاوڕێیەکی هەمیشەییمان هەیەو دڵی نایە بەجێمانبهێڵێت، سەیرکە...

بەدەم خواردنی نینۆکەکانمەوە
ترسی کۆچکردنی پۆلە پەپوولەکان دێتەوە یادم
حوزنی ئەو ڕۆژەی کە بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتم و
پۆلە پەپوولەکان سەفەریان دەکرد
ئەو هەموو پەپوولە کوژراوە لەسەر شۆستەکان کەوتبوون

بەڵێ ئێمە لەوێ هەر ڕۆژە و لە ناو خەڵوەتێکداین، هەر ڕۆژە و بە خەمێکەوە نینۆکێکمان دەکرۆژین.. ڕۆژێک لە بەهەشتدا دەچمە خەڵوەتەوە بیرم دەکەوێتەوە، کە ڕۆژێک پەپوولە کۆچیدەکرد.. کە ڕۆژێکی سامناک بوو، ئەزانی کۆچکردنی پەپوولە مانای چییە ؟.. ئەزانی چ نهێنییەک لەدوای هەنگاوەکانی ئەوانەوەیە ؟.. من دەمزانی کە

ئەوان رۆیشتن ئیدیی یەک لەحزە نەماوە بۆ ئارامیی.. ئیتر یەک کەس نەماوە بۆ ئاشنایەتی.. یەک پارچە زەوی نەماوە بۆ مانەوە، وای.. لەو رۆژەدا ئەمانە بە ئاشکرا هاواریاندەکرد، ئێمە چەند گەمژەین ئەوان کۆچیانکرد و ئێمە ماینەوە، وای.. سەر ئەو شۆستانە چ رەوە پەپوولەیەکی لێبوو.. چ قەرەباڵغییەکیان نابوویەوە، ئەوان چەند سووربوون لەسەر ئەو سەفەرە، من دەمبینین بە چاوی خۆم لەسەر ئەو شۆستانە دەکەوتن و دەمردن.. گەر زیندووش بوونایەتەوە هەر سووربوون لەسەر سەفەر، ئەوان لەسەر ئەو شۆستانە بە شەکەتی دەکەوتن و لەویادا دەمردن.. ئاه .. من لەو رۆژەدا هەزار تفم لە خۆم دەکرد کە نەمدەتوانی بڕۆم و لەو وێرانەیەدا ئەمامەوە.. لەم مەملەکەتە پڕ لە سامەدا ئەژیام.. ئەو رۆژە پەپوولەیەکم لە ناو دەفتەرەکانمدا هەڵگرت، بۆ ئەوەی کە هەرگیز ئەو پەیامەم بیرنەچێتەوە کە ئێرە نیشتمانێک نییە بۆ پەپوولە.. نیشتمانێک نییە بۆ ناسکیی، سەیرکە...

لەسەر باڵی هەریەکێکیان نووسرابوو
" لە ناو هەڵوەرینی هەرگوڵێکدا.. فەنتازیایەک هەیە
تەنها مردووەکان دەیبینن "

سەیرکە ئازیزم، ئەو پەپوولانەی کە لەسەر ئەو شۆستانە کەوتبوون بە مردویش چ پەیامێکیان بۆ ئێمە بەجێهێشت، لەسەر باڵی هەریەکێک لەو پەپوولە کوژراوانە دیار بوو کە ئەوان بۆچیی سەفەر دەکەن.. ئەوان هاواریان دەکرد و دەیانوت.. کاتێک گوڵێک هەڵدەوەرێت.. کاتێک باخچەیەک دەسوتێت.. کاتێک دارستانێک وشک دەبێت.. کاتێک حەزێک دەخنکێت.. کاتێک هاوڕێیەک هاوڕێکەی لەسەر جادە ئەداتە بەر دەستڕێژی گولە، ئەوکات دەزانین جوانییەکانی ئەم دیمەنانە.. فەنتازیاکانی ئەم کوشتنانە ئەوەندە

شاراوەن چاوی ئاسایی ئێمە نایبینێت، چاوێک دەیبینێت کە چێژ لە مردن دەبینێت.. چاوێک کە خاوەنەکەی زۆر لەمێژە مردووە دڵی لە ناو تاواندا ڕەشهەڵگەڕاوە، سەیری ئەو نەهامەتییە بکە، ئەمە چ حیکمەتێکە من دەستم سوورەکەم بە خوێنی تۆ.. ئەمە چ ئیستاتیکایە کە پاش ئەوەی من تۆ دەکوژم پێستی تۆ هەڵدەگرم بۆ ڕۆژی بۆنەکان، سەیرکە.. ئێمە چەند پێویستیمان بەتێگەیشتن هەیە لە سەفەری پەپوولەیەک.. چەند مووحتاجی تێگەیشتنی ماتی پاساریيەکین کە لەسەر چڵی دارتووی حەوشەکەمان دەنیشێتەوە و هیچ دەنگی لێوەنایە.. ئەوکات چاوەڕوانیی هەستانی قیامەت بە.. ئەوکات بیر لەهیچ مەکەرەوە.. ئەوکات بزانە ئێمە چ لەعابەیەکین بەدەستی یەکترەوە.. سەیرکە.. چ نەگبەتییەکە ئەو چێژە پڕ لە سەخافەتە، سەیرکە...

ئەو ئێوارەیەی کە ئینجانەی سەر پەنجەرەکەمان شکا
ئیدی یەکەمین وانەی شکست فێربووین و
تەرمی کۆتاهەمین خەندەمان ناشت

لەسەر باڵی هەریەکێکیان دیارە کە ئەوانیش لەناو ئەم دنیایەی ئێمەدا بوون و ئەوان یان لەداخا دڵیان تەقی و لەسەر شۆستەکان مردن ..یان ئێستا لەناو جەنگەڵێکدا خۆیان ژیان دروستدەکەن، ئەوەیان ناوێت کە ژیان بەملیاندا هاتبێت.. پێماندەڵێن.. ئەوکاتەی لەسەر تاقیی پەنجەرەکەیماڵەوە ئینجانەیەک دادەنێیت و هەرلە خۆیەوە ورد و خاشدەبێت.. ئەو کاتەی گوڵدانێکت داناوە و دڵی پارچە پارچە دەبێت، ئیدیی لەوێوە ئەو وانانە فێردەبیت کە باسی شکست دەکەن.. ئەو شکستەی گوناهە بیر لە هەستانەوە

بکەیتەوە.. ئەو شکستەی حەرامە دەستبگریت بە هیچ هاوڕێیەکتەوە بۆ هەستانەوە، لەوێ وانەکانی شکست فێردەبین، شکانی ئەو ئینجانەیە شکانی دڵی خۆت دێنیتە بەرچاو.. شکانی ڕۆحی خۆت کە بە دەست ئازیزترین کەستەوە هەڵدەوەرێت، ئیدیی لە ناو ئەو باڵە ناسکانەدا ئەوە دەخوێنیتەوە کە ئێمە دەبێت بچین خەندەکانمان هەڵدەینە جەهەنەمەوە.. خەندەکانمان فڕێدەینە ناو ئەو کەلاوانەوە کە لە خۆمان وێرانترن.. ئێمە لە پاش چیی و خەندەی چیبگرین، گەر لە دوای ئەو هەموو بەڵگەی نەهامەتییەوە خەندە بێتە سەر لێومان، ئەو کات دەبێت بڵێین.. وای کە بێنرخین.. وای لە ئێمە.. وای سەیرکە لە ناو ئەو باڵانەدا چ ئایەتێکی تیایە، سەیرکە...

لە پشت هەموو هەنگاویکمانەوە تیکشکانیک هەیەو
لە پشت هەموو هیوایەکیشمانەوە
جوانترین گاڵتەجاڕیی"
کێ ئایاتی سەر باڵی پەپوولەیەکی کوژراو دەخوێنێتەوە
ئێمە تەنها چێژ لە پرواندنی باڵەکانیان دەبینین

ئەو کوژرانە، ئەو مردنە پڕ لە جوانییەی ئەو پەپولانە پێماندەڵێن.. ئێمە کاتێک هەنگاو دەنێین.. کاتێک دەمانەوێت ڕێگەیەک ببڕین و بچین بۆلای هاوڕێیەکمان.. کاتێک هەنگاو دەنێین و دەمانەوێت بچین بۆ ماڵێکی پڕ لە نوور.. دەمانەوێت بچین بۆ باخچەیەکی پڕ

لە یەقین.. بۆ ناو چایخانەیەکی پڕ لە فەوزا.. بۆ سەر شەقامێکی پڕ لە هەناسە.. ئەوەی ئێمە هەنگاوی بۆ دەنێین لەدوای هەموو هەنگاوێکمانەوە تێکشکانێک هەیە کە ئێمە تا ئەبەد ناتوانین ئیتر هەنگاو بنێینەوە، تێکشکانێک کە لە ڕۆیشتنمان دەخات، کە ئیدی دەبێت تف بکەین لە هەنگاوەکانی خۆمان، ئەوان پێماندەڵێن.. سەیری ئەو هیوا پڕ لە نەفرەتەی خۆتان بکەن.. ئەوانەی کە ئێوە خەونی پێوەدەبینن.. ئەوانەی کە ئێوە تەمەننای ئەوە دەکەن ئێوارەیەک بەسەر شۆستەکاندا بڕۆین و پێڵاوێک ببینین لە پێڵاوی کەسێک بچێت کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان هیوایەکی شاراوەت هەبووە لەو دیوی ناخیی خۆتدا، سەیرکە.. ئەو هیوایانە چەندە مایەی گاڵتەجاڕین و ئەوان پێماندەڵێن.. ئەو هیوایانە مایەی شەرمەزارین بۆ ئێوە.. سەیرکە گوڵم.. ئێمە ئەم هەموو ئایەتە ناخوێنینەوە.. ئێمە چەند کەسێکی (سادە)ین.. تەنها چێژ لە پرواندنی ئەو باڵانە دەبینین کە پڕن لە ئایات بۆ ئێمەی گەمژە، سەیرکە...

لە بەهەشتدا بیر لە چرکەیەک بەر لە خۆکوشتن دەکەمەوە
چەند خەمباریی دامانەگرێت بۆ ئەو ساتانەی
کە نەمانەزانی ڕووبکەینە کوێ
گەردنی خۆمان دەدایە دەستی خۆڵ
قاچمان دەسپارد بە ئاو
دڵمان ئەدا بە دوودڵیی

سەیرکە من چەند خەمبارم لە بەهەشتدا بۆ ساتەکانی بەر لە خۆکوشتنم، گەر ئەو ساتانە نەبووایە ئێمە مرۆڤێکی دیی دەبووین.. ئەو ساتانەی کە ئێمەی کردە ئەم مرۆڤە شێتەی کە بەسەرجادەکاندا دەڕۆین و لە کەس ناگەین و کەسیش لە ئێمە ناگات.. ئەو ساتانەی شوێنێکمان شکنەدەبرد ڕوویتێبکەین، ئای.. کە ئێمە کەسێکی

بێلانەبووین، کەسێکمان شکنەدەبرد ڕوویتێبکەین، سەیرکە.. چەند تەنهاین ئەو ساتانە، سەیرکە کە خۆمان کاسبووین لە بۆنی تەنهایی خۆمان، هەستمان بەو هەموو چۆڵەوانییەی ناخمان دەکرد.. ئەو ساتانەی ژیانی خۆمان دەگێڕایەوە بۆ دەستی قەدەر.. گەردنمان دەدا بە مەرگ.. بەو خۆڵەی لێوەی دروستبووین دەمانویست ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو خۆڵەدا دروستبکەینەوە، ئای.. کە بێهاودەمێک بووین ئەو ساتانەی قاچەکانمان بە ئاڕاستەی شەپۆلی دەریا دەڕۆیشتن، قاچەکانمان هی خۆمان نەبوون، ئەو ساتانەی نەماندەزانی قاچمان دەچێتە کوێوە، ئەو ساتانەی دڵمان پڕ پڕ بوو لە دوودڵیی.. دوودڵ بووین لە هەموو شتێک.. دوودڵ بووین لە ڕۆژی لە دایکبوونمان.. دوودڵ بووین لەوەی کە ئاخۆ ئێمە کەی بگەڕێینەوە بۆ مەرگ.. دوودڵ بووین لە خۆکوشتن، ئاخ من لەتاو ئەو رۆژانە وەختە ئازارێک بگرم، لە ناو بەهەشتدا جارێکی تر خۆم بکوژم سەیرکە... سەیری ئەو رۆژانەی بەر لە خۆکوشتن بکە.

چاومان دەبەخشییە تاریکیی
ئەوساتانەی
دەڕۆیشتین و دەوەستاین
چەند نزیکبووین لە شێتیی...

بیر لەو ساتانەی بەر لە خۆکوشتن دەکەمەوە، ئەو ساتانەی گەر هەزارجاری دیی زیندووببمەوە، هەر لەو ساتانەدا پەنا دەبەمەوە بەر خۆکوشتن.. خۆکوشتنێک کە پڕ پڕە لە تەنهایی.. ئەو ساتانە چەند ساتێکی پڕ لە غوربەت بوون.. ئەو غوربەتەی بەس بەتەنها خۆت هەستیپێدەکەیت و کەس ئاگای لێی نییە.. ئەو غوربەتەی تۆ لە غرووبی ئەودا ئەمریت و ئەویش هیواکانی لە شرووقی ئێوارەدا دەدرەوشێتەوە.. ئەوێک کە هیواکانی لە دوورگەیەکی تردا شاردۆتەوە، سەیرکە.. ئەو ساتانە ئێمە چۆن چاومان دەبەخشییە تاریکیی بۆ ئەوەی هیچ نەبینین، گەر لەوە زیاترمان بەدیبکردایە ئەو کات

ڕەنگە لە شێتیدا نەمانتوانیایە خۆمان بکوژین، ئەم هەموو بێنرخییەی خۆمان تەنها بەوە چارەسەر دەکرێت چاوەکانمان نوقم بکەین لە تاریکیی دا، ئەو ساتانەی دەڕۆیشتین و خۆمان نەماندەزانی بۆچیی دەڕۆین.. بۆ کوێ دەڕۆین.. بۆلای کێ دەڕۆین، ئەو ساتانەی کە دەوەستاین هەرخۆشمان نەماندەزانی بۆچیی دەوەستین، سەیری ئەو ساتانە بکە ئێمە چەند لەشێتێک دەچووین کە ڕێگەی دنیای لێتێکچووبێت.. شێتێک کە نازانێ کەسیی هەیە یان.. نا.. کەسی خۆشیدەوێت یان.. نا.. شوێنێک هەیە بۆ ئەو یان.. نا.. سەیرکە ...ئێمە چەند لەشێتییەوە نزیکین، سەیرکە...

بیر لە چرکەیەک بەر لە خۆکوشتن دەکەمەوە
کە چۆن ئێوارەیەکمان شکنەدەبرد
هەناسەیەکی تیادا شیتەڵبکەین
شەوێکمان دەستنەدەکەوت
خەونێکی تیادا ببینین

سەیریی ئەو حەسرەتانە بکە کە لەو چرکانەی پێش خۆکوشتنی ناو خەیاڵەکانمان لە ناو رۆحماندا جمەیان دەهات، ئەو هەموو حەسرەتەی کە شەپۆلیان دەدا.. سەیرکە.. ئەو چرکانە ئێمە ئێوارەیەکمان شک نەدەبرد بیر لەوە بکەینەوە گەر دوو هەناسە تێکەڵ

ببێت چ ژیانێکی هەتاهەتایی دروستدەکات.. گەر دوو هەناسە تێکەڵ ببێت چ خۆشەویستییەکی حەتمیی دروستدەکات.. خۆشەویستییەک لە ناو مردندا ئەتژیێنێت.

بیر لەو چرکانە دەکەمەوە کە تەنها ئێوارەیەک نەبوو ئێمە پڕ بە سینەی خۆمان هەناسە هەڵمژین، ئێوارەیەک لە عومریی ئێمەدا وجوودیی نەبوو کە ئێمە بە بیرکردنەوەی ئەو ئێوارەیە بەختەوەرببین، بیر لەو چرکانە دەکەینەوە کە شەوێکمان شکنەدەبرد خەونێکی تیادا ببینین بە ئازیزەکانمانەوە.. ئەو ئازیزانەی ئەوان قەت نایانەوێت خەون بە ئێمەوە ببینن.. ئەو ئازیزانەی گەر بە هەڵە شەوێک خەونێک بە ئێمەوە ببینن ئەوان بە شەرمەزارییەوە بۆماندەگێڕنەوە، سەیرکە.. ئەو چرکانە چەند پڕ لە نەهامەتیی بوون.. چەند بێ ئێوارەبوون.. چەند تەنهابوون لە خەون، سەیرکە.. ئێمە چەند پێویستمان بەوە هەبوو لێرە بڕۆین گەر بە خۆکوشتنیش بووە، سەیرکە...

ئەو چرکانە چەند پێویستیمان بە خۆکوشتن هەبوو
چەند پێویستیمان بە ئارامیی هەبوو
نەک هەر لە بەهەشت.. دەبێت ئێمە هەمیشە بڵێین
"" واحسرتا....ئێمە چ زیادەیەکین ""

سەیریی بکە.. ئەو ئێوارانەی کە ئێمە چەند چرکەیەک بەر لەخۆکوشتنەکانمان بوو، کە ئێمە نە ئێوارە.. نە خەون.. نە ئازیز.. نە هاوڕێ.. نە باوک.. نە دایک.. نە ڕێگا.. نە شوێن.. نە وجوود.. نە هەناسە.. نە هیچ.. هەر هیچ هیچمان شکنەدەبرد، ئەو کاتانە چەندە پێویستیمان بە خۆکوشتن هەبوو، چەندە مەجبووربووین لەم دنیای زەواڵە دەربچین.. ئەو مردنەی کە واماندەزانی پڕە لە ئارامیی.. ئای ئەو چرکانە چەند

پێویستیمان بە چرکەیەک ئارامیی هەبوو، تەنها چرکەیەک لە باوەشی ئازیزێکدا بە ئارامی بژین.. بە ئارامی بمرین.. ئازیزم سەیرکە دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە لە دنیادا لە چرکەکانی پێش خۆکوشتندا دەهات بەسەرماندا، دوای ئەو هەموو حەسرەتەی کە لە بەهەشتدا یەخەی دەگرتین، سەیرکە.. ئیدی دەزانین کە ئێمە دەبێت هەمیشە بڵێین ئەی حەسرەتێک بۆ ئێمە کە کۆتایی نایەت.. ئێمە چ زیادەیەکین ئاخر وجوودی ئێمە چ مانایەکی هەیە، ئێمەیەک کە تاکە بستێک نەبێت لە سەری بژین.. دەستێک نەبێت بیگرین.. ئێوارەیەک نەبێت تیایدا پیاسەیەک بکەین..ئازیزێک نەبێت لە تەنهایی دەرمان بکات.. بوونەوەرێک نەبێت لەگەڵماندا بژیی.. کەس ئامادەی ئەوەی نەبێت لەحزەیەک لەگەڵ ئێمەدا هەڵبکات.. ئێمەیەک بوونمان پڕ پڕە لە نادیاریی.. چاومان پڕە لە فرمێسکی نەبینراو.. دڵمان پڕە لە ڕازیی شاراوە و بوو بە سەراب، سەرمان پڕە لە گومانی بەد.. گومان.. ئەو گومانە بەدانەی کە لە کۆتایدا راستیی دەردەچن، سەیرکە.. ئێمەیەک کە ئەوە بوونمانبێت، ئەو کات دەزانین کە ئێمە چ زیادەیەکین.. بوونی ئێمە چەند بێسودە ئێمە چەند قێزەونین.. ئێمەیەک خاوەنی

هیچ.. هیچ.. هەرهیچ نین، ئاخر ئێمەیەک دڵنیاین.. ئێوارەیەک نییە.. شەوێک نییە.. نا .. نا .. قەت ئەم تەنهاییە کۆتایی نایەت، هیچ و ئێمە وەک یەک واین، سەیرکە.. ئێمە چ زیادەیەکین، زیادەکانیش هەمیشە لە جوانییەکان دەشێوێنن.. زیادەکان هەمیشە ماناکان تێکئەدەن.. زیادەکان هەمیشە دەبێت نەمێنن، سەیرکە.. ئاخر بوون و نەبوونی ئێمە چیی لە دنیا دەگۆڕێت، ئاخر بوونی ئێمە مانای چییە.. ئێمەیەک کە قێز لە خۆمان دەکەینەوە لەم تەنهاییەی خۆماندا، ئێمەیەک کە شەرم دەکەین کاتێک ناوی خۆمان دەڵێین، سەیرکە.. ئەم هاوارانەی ئێمە چۆن لە ئارامییەکانی خەڵکی دەشێوێنێت.. ناڵەکانی ئێمە چۆن خەڵکی بێزاردەکات.. ئێمەی بەد.. ئێمەی سیخناخ لە خەڵوەتدا.. ئێمەی گەمژە.. ئێمەی نامۆ بەم خاکوخۆڵەی وەک بوونەوەرێکی غەریب بە سەریدا هاتوچۆ دەکەین، سەیرکە.. ئێمە چەند زیادەین ...ئێمە دەبێت بە تەنها خۆمان بکوژین و بە تەنها لە بەهەشتدا بگەڕێین، ئەوانەشی کە دەمانەوێت لەحزەیەک لەگەڵماندا بن، ئەوان هەموو جارێک ئەم زیادەییەمان بیر دەخەنەوە.. بیرتە ئەوکاتە.. بیرتە ئەو رۆژە.. بیرتە ئەو نیوەڕۆیە.. ئەو ئێوارەیە.. ئەو شەوە.. بیرتە چیم پێوتیت.. سەیرکە..

بەڵێ ئازیزم ئەمانە هەمووی ئەو دیمەنانەن کە ئێمە تیایدا هەڵدەوەرێین، هەڵوەرینێک کە تروسکەیەکی ئومێدیی تیا بەدیناکەین بۆ ئەوەی جارێکیتر چاکببینەوە، سەیرکە هەڵوەراندنەکانی دایکمان چەند سەختترە لە هەڵوەراندنەکانی باوکمان، هەڵوەراندنەکانی خۆمان چەند سەختترە لە هەڵوەراندنەکانی دایکمان، سەیرکە.. هەڵوەراندنەکانی تۆ چەند ڕەقترن لە هەڵوەراندنەکانی هەموو دونیا، سەیرکە.. کاتێک کە تۆ بیرم دەخەیتەوە کە من کێم چەند بە شێتانە هەڵمدەوەرێنیت، سەیرکە.. ئێمە چەند تەنهاین کەسێک نییە ئاشنای ووشەیەکمان بێت، سەیرکە.. چەند تەنهاین لەم هەڵوەرینەدا، کوشتنەکانی خۆمان یەکگرتنێکی تەواوە لە دەستی خۆم و دایکم و باوکم و تۆ بۆ هەڵوەراندن، سەیرکە من چەند گوناهبارم.. ئەو گوناهە گەورانەم کرد دەستم لە سنوورەکانی خواوەدا.. ئەو سنوورانەی کە لە ڕۆژی ئەزەلەوە جیایکردبۆوە، سەیرکە.. من چ تاوانێکی گەورەم کرد، منم گەورەترین گوناهبار.. لە دەرگایەکم دا کە دەرگای ئێمە نییە.. ویستم بچمەماڵێکەوە لە کاتێکدا ئێمە ماڵمان نییە و کۆچەریترین کەسین.. سەیرکە.. گوناهەکانی من چۆن لە سنوور دەرچوون، ئەم هەموو گوناهە

چیلێبکەم.. ئەو پێمدەڵێت.. تۆ لە ڕێگاکان لاتداوە.. لە ڕێگایەکەوە دەڕۆیت کە ڕێگای تۆ نییە.. تۆیەک بۆ ئەوە دروست نەکراویت لە هیچ ڕێگایەکەوە بڕۆیت، ئێستا منی گەورە گوناهبار کە ژێر نینۆکەکانم پڕ پڕە لە گوناهی خۆشەویستیی.. پڕە لە تاوانە کە بیرەکانی نزیکبوونەوە تا ئەوپەڕی مردن، سەیرکە.. من چۆن پەنجەکانم غەرقبوون لە گوناهدا.. کە ئەو گوناهە گوناهی من نییە.. من بۆم نییە سەر لەو گوناهانەوە دەرکەم، سەیرکە.. ئێمە چۆن بە گوناهەکانەوە هەڵدەوەرین و گوناهەکانمان لێهەڵناوەرێت.. ئێمەی بەدترین بوونەوەر.. ئێمەی نەوە رەسەنەکانی ئادەم، لەم جەنگەڵەدا ئاواتەخوازین ئێوارەیەک لە جەنگەڵەکاندا پیاسە بکەین و کەنارییەک پێمانبڵێت.. ئەرێ کاکە.. ئەرێ برادەر.. ئەرێ هاوڕێ.. تۆ بۆ وا دوودڵیت.. تۆ بۆ چاوەکانت پڕن لە نەهامەتیی.. ؟ ئەی خزم تۆ بۆچیی کە دەڕۆیت لە شوێنی هەنگاوە بەجێماوەکانتەوە کانییەک لە گوناە هەڵدەقوڵیت؟ ئەرێ بۆ تۆ.. بۆ تۆ؟؟؟؟.. بەڵێ کەس نییە تاکە پرسیارێک بکات.. کەس نییە بەو ووشانە بانگمان بکات، سەیرکە.. ئێمە چ گیرۆدەیەکی دەستی ئەم جەنگەڵەین کە جەنگەڵی خۆمان نییە، سەیرکە ئێمە چۆن هەڵدەوەرێین،

ئەچینە بەهەشت بەم هەموو هەڵوەرینەوە کە بەهەشتی ئێمە نییە، لە هەر هەشت دەرگاکەوە دەڕۆین و یەکێکیان ڕێگای ئێمە نییە.. من غوربەت دەمکوژێت.. تەنهایی دەمسڕێتەوە.. من دەمرم کە ئەو مردنە هی من نییە.. من لە تاو ژاندا دەمرم، من بەسەر ژانێکەوە دەڕۆم و ئەبەد ئێوارەیەک لەتەمەنمدا دروست نابێت کە یەکێک بێت و بڵێت.. ئەرێ برادەر.. ئەرێ ئەی دۆست.. ئەرێ هاوڕێ وەرە با ئەم ئێوارەیە پیاسەیەک بکەین بە ناو باخچەکانی ڕۆحدا تۆزێک سەیری گوڵەکانی موحیبەت بکەین، من بەو ژانەوە دەمرم و یەکێک نییە بڵێت:

ئەرێ ئەی برادەر...

ئەرێ هاوڕێ...

ئەرێ ئازیز...

ئەرێ ئەی دۆست

ئەرێ تۆ کورە تۆ.....!!